Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2026.02-01-01

# ڕاڤەی هێماناسییانەی سێ غەزەلی مەحوی

**سەبوور عەبدولکەریم شکار [1] ، بوشرا قادر کەسنەزانی [2] ، هەرێم عوسمان مەعروف [3]**

1-بەشی زمانی فارسی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق
2-بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق
3-بەشی فیلمسازی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی: سلێمانی، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **2025-08-26** |
| Accepted | **2026-01-04** |
| Published: | **2026-01-10** |

**Keywords**

**ڕاڤە، هێما، غەزەل،سۆفیگەریی، مەحوی.**

**Corresponding Author**

sabur.hamakareem@univsul.edu.iq
bushra.kaka@univsul.edu.iq
harem.maruf@univsul.edu.iq

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی "ڕاڤەی هێماناسییانەی سێ غەزەلی مەحوی" توێژینەوەیەکە، لە ڕوانگەی ڕاڤەی ناودەق و کردنەوەی هێما و ڕەمزە عیرفانییەکانەوە ئەنجامدراوە، وشە کلیلییەکانی ناو هەر غەزەلێك، هەڵگری مانای فەرهەنگی، میتافۆریی و هێمایین. ئەو خوێندنەوانەی پێشتر لە لایەن مامۆستایانی مودەڕیسەوە بۆ دەقەکان کراون، تەنها شیکاریی بوون و لە چوارچێوەی ڕاڤەی وشە نامۆکان و هونەرە ڕەوانبێژییەکان و هەندێک بواری نزیک لەوانەی باسکران ئەنجامدراون، لە کاتێکدا خوێندنەوەی دەقی عیرفانی پێویستی بە کردنەوەی هێماکانە و شیکردنەوەیەتی لە چوارچێوەی فەرهەنگی عیرفانیدا، چونکە وشەکان ڕەمز و وێنە و مانای ناباویان هەیە، بەم جۆرە خوێندنەوەیەش مانای قوڵ و ڕەهەندی نادیار و مەرامی عیرفانیی دەقەکان بە دەست دێت.

مەحوی یەکێکە لەو شاعیرانەی بە غەزەلی سۆفیانە بەناوبانگە، بەهۆی زمانی توێکڵدار و بیری ئاڵۆز و هونەرئارایی و وشەکارییەوە، جۆرێك لە ئەدەبیاتی بەرهەمهێناوە، کە خوێندنەوەی بەبێ چونەوە سەر هێما و ئاماژەکانی ناو ئەدەبیاتی تەسەوف، هیچی شایانی بەو دەقانەی لێ هەڵناهێنجرێت.

لە توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت ، لە هەر سێ غەزەلەکەدا چەندین هێما و زاراوەی عیرفانی بوونیان هەیە، کە لە خۆیاندا دنیابینی و مانای نوێ بۆ بەیتەکان و کۆی دەقەکان زیاد دەکەن .

بەمەش بواری توێژینەوەی ستوونی – دەقە بنەڕەتی و یەکەمەکان – زیاتر لە توێژینەوەی ئاسۆیی – دەقە دووەمی و بیروڕاکان- بایەخی زیاتری پێدراوە.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم تیۆرییە و ناساندنە، یەك بەیەکی ئەو وشانەی کە سەرەکین لە غەزەلەکەدا، بە پێی فەرهەنگی عیرفانی ماناکانیان کراوەتەوە. بەشی دووەمیشی کارەکییە و ڕاڤەی دەقەکان کراوە. هەروەها لە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەیەک بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکدێت.

## پێشەکی:

دەقی ڕاستەقینە و نەمر زۆرجار ئەوانەن، کە واتای کراوە و فرەڕەهەند وەردەگرن و ئەمەش بە پلەی یەکەم لە نێو دەقەکەدایە نەک دەرەوەی دەق. مەحویی شاعیر یەکێکە لە بەرهەمهێنەرانی ئەو چەشنە دەقانە،کە ئەگەرچی ڕاڤەکاری شارەزا و گەورەش -وەک مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەممەدی مەلا کەریم – ڕاڤەی بکەن، بەڵام سرووشتی زمان و چنینی دەقەکە لە خۆیدا دەبێتە بەرهەمهێنەرەوەی ڕاڤە و مانا نوێ.

لەم توێژینەوەدا ڕاڤەی هێماناسیانە بۆ سێ غەزەلی مەحوی(پیتەکانی ئا (٦) و ز(١) و ب (٦) کراوە)، تێیدا چەند بەیتێک کە زیاتر زاراوە و ڕەهەندی سۆفیگەری و عیرفانی لە خۆگرتووە- لە ڕاڤەکانی پێشووتردا کەمتر سەرنجی لەسەر بووە- بوونەتە پردی گەیاندن بە ڕاڤە نوێیەکە و دواجار وێنەیەکی نوێی بە تایبەت لە ئاستی ناوەڕۆکدا دارشتووەتەوە، ئەوەش بەهۆی کردنەوەی هێما (SYMBOL) و وەستان و سەرنجدان لەسەر چەند وشە و زاراوەیەکی ناو فەرهەنگی سۆفیگەرییەوە دەبێت.

## هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە:

یەکێک لە کارەکانی ڕەخنە و توێژینەوەی زانستی، بەرهەمهێنانی ڕاڤەی قوڵ و کونپشکنی و نوێیە، بە تایبەت کاتێك دەقەکان ڕاڤەی تر بخوازن، هاوکات ڕاڤەی زانستیی کەمی بۆ کرابێت وەک ئەوەی، کە لە دیوانی مەحوی دا دەبینرێت. وا نزیکەی نیو سەدە بەسەر یەکەم چاپ و یەکەم ڕاڤەی تاقانەی ساڵی "1977" تێپەڕ دەبێت و بەردەوامیش زانستخوازان و ئەدەب دۆستان بۆی دەگەڕێنەوە. هەروەها ئەو ڕاڤانەی لەو کاتە بەدواوە – بۆ چەند دەقێکی دیاریکراوی دیوانەکە- کراون، زیاتر لە دەرەوەی دەقەکەوەن و خوێندنەوەی سەرپێیانەی دوور لە کردنەوەی هێما عیرفانییەکانن.

## ڕێبازی توێژینەوە:

لە توێژینەوەکەدا ، لەگەڵ ڕێبازی هێماکردنەوە دا، پشت بە ڕێبازی شیکاریی دەق ئەدەبی بەستراوە.

## بەشی یەکەم: ناساندن

### 1. ڕاڤە:

لە زمانی کوردیدا وشەی" ڕاڤە بەمانای شەرحکردن دێت، ڕاڤەکاریش کەسێکە کە ڕاڤەی شتێک بکا " (خاڵ، 2021، 215) . لە زمانی عەرەبیدا وشەی ڕاڤە کە (تحليل)ی پێدەوترێت و کاریگەری لەسەر کورد و گەلانی ڕۆژهەڵات هەیە، بەمانای "ڕەخنە" (اسكندر، 1971، 88) کردنەوە، شیکردنەوەی شتێک و هەوڵی زانینی بەش و ڕەگەزەکان و ئەرکەکان و دەرخستنی نهێنییەکان دێت. (وهبە و مهندس، 1984، 90)

لە زمانی ئینگلیزیدا ڕاڤە بە (analysis) هاتووە لە فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) و(کەمبریدج) دا و بە مانای وردبوونەوە، لێکۆڵینەوە و ڕوانین لە پێکهاتەی شتێک بە وریایی و شێوازێکی سیستماتیک و ڕێکخراوەوە دێت، بە مەبەستی تێگەیشتن و باسکردنی. وشەکە واتە: "شیدەکاتەوە: فۆرمی فرمانە، واتە سروشت یان پێکهاتەی شتێک تاقیدەکاتەوە، بەتایبەت بە جیاکردنەوەی شتەکە بۆ پارچە(بەش)ەکانی، بۆ ئەوەی لێی تێبگات یان ڕوونی بکاتەوە. نموونە (ئیشێکە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتا لە خۆ دەگرێت). (ئەو هەوڵیدا هەستوسۆزاکانی خۆی شیبکاتەوە). (پێویست دەکات ئێمە ئەو هەڵەیەی ڕوویدا، شیبکەینەوە)( Sally، 2004) خاڵی هاوبەشی هەموو ناساندنەکان، جەختکردنە لەسەر شیکردنەوە و هەوڵی وردبوونەوە لە بەش و پێکهاتەی شتێک بە مەبەستی لێتێگەیشتن.

وەک زاراوەیەکی ئەدەبی ، "ڕاڤە بەمانای خوێندنەوەی بەرهەمی ئەدەبی لە ڕێگەی جیاکردنەوە و شیکردنەوەی بەشەکانییەوە دێت. بە تەواوی وەک شیکردنەوەی کیمیایی مادەیەک، کە پێویستی بە جیاکردنەوەی ڕەگەزەکانی هەبێت . یان دەوترێت: ڕاڤە لە بنەڕەتدا بە مانای تێگەیشتن دێت، تێگەیشتن لە زمان و مانا و ناوەڕۆکی ئەو دەقە" (سبزيان، كزازى، ١٣٨٨، ٢٨).

لە شێوازناسی دا "ڕاڤە بەهۆی بەشبەشکردن و شیکردنەوەی نموونە وێنەیی و واتاییەکانەوە بەدەستدێت و بەپێی بایەخی بەدەستهاتووەکان، بە واتای گشتی دەقەکە دەگەین. ئەوەی ڕێنموونی ڕاڤەکردنەکە دەکات و بەرەو پێشی دەبات توانای ئێمەیە بۆ خوێندنەوەی ئەدەبیات، زانیاری ئێمە سەبارەت بە دەستوورە ئەدەبییەکانی وەک: ژانر و زانیاریی فەرهەنگی. ئەمانەش تەنها نیشاندەری ئەو خاڵەن کە واتایەک بوونی هەیە، کە ئەگەر کلیلی دەرکردنی ئەو بەدەست بهێنین دەتوانین دەرگاکە بکەینەوە و ڕاڤەی بکەین وەک (ڕاڤەی خەونەکان)، بەڵام قۆناغەکانی دواتر لەم وتانە ئاڵۆزترن. چونکە لەلایەکەوە هەر دەقێک بە هۆی فرەواتایی زمان و ناوەڕۆکەکانییەوە لە ڕاڤەیەک زیاتر هەڵدەگرێت. لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین: خوێنەر یان گوێگر چەشنی نوسەر یان دەق دەتوانێت مانایەک بێنێتە بەرهەم. بەڵام لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین مامەڵەی بەردەوامی نێوان دەق و خوێنەر لە خۆیدا ڕاڤەکردنی ئازادی دەق دیار و سنوردار دەکات." (مكاريك، 1388، 97).

لێرەوە وادەزانین دروستترین ڕێگەی تێگەیشتن لە دەقی کلاسیکی شاعیرانمان هەر لە نێو خودی دەقەکانەوەیە،ئەمەش بەکردنەوەی ڕەمزو هێماکانی.دەبێت لێکۆڵەر(جەی. ئای. کادن) لە فەرهەنگی ئەدەبیات و ڕەخنەکەیدا (ڕاڤە بە شیکردنەوە و پشکنینی وردی بەرهەمی ئەدەبی ناودەبات. خوێندنەوەی قوڵی ڕەگەزە جۆراوجۆرەکان و پەیوەندیان بە یەکدییەوە، بە بەشە بنەڕەتییەکانی ڕەخنە دادەنێت. بە وتەی تی.سی. ئیلیوت"یش ئامرازی ڕەخنەگر بریتییە لە شیکردنەوە و بەراوردکردن) (کادن، 1386، 25) .

بە شێوەیەکی گشتی بەر لە ڕاڤەکردنی ناوەڕۆک و ناواخن، "پێویستە قۆناغەکانی هێماکردنەوە بە یەکێک لەم سێ شێوەیە ئەنجام بدرێت:

**یەکەم:** شێوەی نەریتی کە بەو پێیە هێماکە لە نێو دەقەکەدا ڕاڤە دەکرێت.

**دووەم:** ڕێگەی ڕێنماییکەرانە، کە هێماکە بە پێی تیۆرێک یان گریمانەیەکی تایبەت ئەنجام دەدرێت.

**سێهەم:** شێوەی کورتکردنەوە، کە دەقەکە لەسەر بنەمای وشە کلیلییەکان دەپشکنرێت و بەراورد و ڕاڤە دەکرێن" (مسجدی، 1400) بەگشتی بە لای ئێمەوە وەهایە کە لە ڕاڤەکردنی ناوەڕۆکی دەقدا بە تایبەتی دەقی شیعری کلاسیکی کوردی؛ ڕێگەی دووەم و سێهەم -لانیکەم لەم قۆناغەی ئێستاماندا، کە بەراورد بە میللەتانی دیکە لەم چەشنە ڕاڤەمان کەم ودەگمەنە- گونجاوترە.

**٢ .هێمای عیرفانی:**

لە زمانی کوردی بگرە لە زمانی هاوسێکانی وەك فارسی و عەرەبیش دا، وشەی هێما و ڕەمز، هاوواتایان زۆرە، کە جێگرەوەی یەك نین، بەڵام دەرخەری لایەکی چەمکەکەن، وشەکانی: ئیشارە، سمبول، ڕەمز، هێما، کینایە، ئیما، گۆشە، جەفەنگ، عەلامەت، نیشانە، بۆ یەك چەمك بەکاردێن کە بریتییە لە: 'ئاماژەکردنی شاراوە بۆ شتێك، بە پەنامەکی باسکردن، شتێك لە نێوان دوو کەس یان زیاتر دا بێت و ئەوانی تر لێی تێنەگەن، یان خستەڕووی هەندێك شت، لە ڕێی شتگەلی دیکەوە بە ناڕاستەوخۆیی، یان ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی شتێك فلانە مانا بدات'(لاهیجی، 1398، 4) .

بە شێوەیەکی گشتی "ڕەمز شتێکە لە جیهانی ناسراو دا و قابیلی تێگەیشتنە بەهۆی هەستەکانەوە، کە ئاماژە دەکات بۆ شتێك لە جیهانی نەناسراو و هەستپێنەکراو، یان ئاماژە بۆ واتایەك دوور لە واتای ڕاستەوخۆ و ناسراوی خۆی دەکات؛ بەو مەرجەی ئەم ئاماژەیە لەسەر بنەمای ڕێکەوتن نەبێت، ئەو واتایەش واتایەکی براوە و موسەلەم نەگەیەنێت" (پورنامداریان، 1346، 43) هەموو ئەو مانایانەی کە لە ڕەمز و هێماوە هەڵدەهێنجرێن مانای بە توێکڵ و پێچراوەن، کە لە ڕواڵەت دا شتێکە و لە ناواخندا مانایەکی تری هەیە .

لە جیهانی تەسەوف و ئەدەبیاتەکەی دا، هەر شتە و ئیشارەتە بۆ شتێکی تر، چەمکەکان لە ڕێگەی یەکترییەوە ڕووندەکرێنەوە، ئیشارە و ڕەمزەکان بەهای گرنگیان هەیە و پێوستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە. سۆفییەکان لە ئاگاییەوە، بەشێوەی ڕاستەوخۆ مەبەست و مەرام و خواستی خوایان، دەرنابڕن، هەر دەربڕینێك و دەستەواژەیەك بە چەشنێك دەخەنە ناو دەقەکانەوە، کە ڕواڵەتەکەی مانایەکی گشتی هەبێت، بەڵام لە کردنەوەی هێماکاندا مانایەکی قوڵ بە دەست بێت، کە لە ڕاستیدا دەقەکە لە پێناوی ئەو مانایە دا هۆنراوەتەوە.

وەك وترا لە فەرهەنگ و نەریتی ئەدەبی عیرفانی دا، هەر شتێك ئاماژەیە بۆ شتێکی تر، بۆ نموونە:" مەلان و پەرەندەکان، ڕەمزن بۆ ڕۆح و گیان؛ ئاسمانیش هێمایە بۆ جیهانی مەلەکووتی، ئەم وێنەیە وەك ئاوێنە کۆمەڵێك هێمای تر دێنێت، کە ماسی و نەهەنگە دیسانەوە هێمان بۆ ڕۆحی پیرۆز و پاککراوە و دەریا و زەریاش، ڕەمزن بۆ جیهانی مەلەکووتی. بەو جۆرە جیهانەکە پڕە لە هێما و ئاماژە و وتراوی ناڕاستەوخۆ. بۆ نموونە: شێخ جونەیدی بەغدادی دەفەرمووێت: هیممەت ئیشارەی خودایە، ئیرادە و ویست ئیشارەی فریشتەیە، خوتخوتە ئیشارەی مەعریفەتە، منێتی ئیشارەی شەیتانە، شەهوەت ئیشارەی نەفسە و لەهولەعب ئیشارەی کوفرە" (نیشابوری، 1398، 455) .

**3 .غەزەل:**

غەزەل 'لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی عەرەبییە، بە مانای شیعری عاشقانە، یان ئەویندارانە دێت و نەتەوەکانی فارس و تورك و کورد، بەشداربوون لە شێوەگرتنی غەزەلی ڕۆژهەڵاتی دا. غەزەل لە ئەدەبیاتی جیهانی دا وەک بەشێک لە شیعری ویژدانیی، کە ئەمەی دوایشیان بەشێکە لە شیعری لیریکی (lyric poetry) دەردەکەوێت' (ناصف،١٩٩٦ : ٩) بە گشتی لە ڕووی فۆرمەوە مەبەست لە غەزەل شیعرێکە، لە حەوت بەیت کەمتر و لە چواردە تا هەژدە بەیت زیاتر نییە. بە کێشی عەرووز دەنووسرێت. بەیتەکان لەسەر یەك کێشن و هاوسەروان و لە ئاوازدا یەکن، زاڵیی ڕیتمی ناوەوە و ئاوازی دەرەوە، دەقەکە بۆ گۆرانیی دەسازێنن. (حسەین، ٢٠٢٢، ١١) شاعیر زۆرجار لە ناو بەیتێک لە بەیتەکاندا یان لە بەیتی کۆتاییدا ناوی خۆی یان نازناو یان کورتکراوەی ناوی خۆی دەهێنێت. (سیماداد، ٢٠٠٨،٣٥٠)

لای فارس و نەتەوەکانی تر، بە ئەورووپییەکانیشەوە بەرامبەر ناواخنی زاراوەی غەزەل؛ لیریکا یان لیرك بەکاردەهێنن، لەم ڕووەوە دەوترێت: غەزەل شیعرێکی لیریکی کورتە. (محەمەد، ٢٠٠٧، ١٠٦) بنەمای سەرەکیی ئەم جۆرە شیعرانە، گێڕانەوە و خاسەوێژی و باسی ئەویندارانەیە و مەرج نییە تەنها ئەوینی ژن بێت. (حسەین، ٢٠٢٢، ١٢)

گرنگترین تایبەتمەندی شیعری غەزەل لە ناوەڕۆکدایە نەک تەنها ڕووخسار، کە قسەکردنە لە هەستە خودییە و تاکەکسییەکان، بەو مەرجەی دوو وشەی (هەست) و (تاکەکسی) بە چەمکە فراوانەکەیەوە لێی بڕوانرێت، واتە تەواوی هەستەکان جا لە بچوکترین تا گەورەترینیان، بە تەواوی هەموو ئەو ڕاستی و حەقیقەتانەی کە هەیەتی. (شفیعی کدکنی، ١٣٩٦، ٦١) ئەگەر ئەم تایبەتمەندییە بۆ هەموو غەزەلنووسان ڕاست بێت و پێویست بکات توێژەران و ڕەخنەگران ڕەچاوی بکەن، ئەوا بۆ شاعیرە عارفەکان، کە مەحوی لە زومرەیانە، زیاتر ڕاست دەکەوێتەوە و دواتر، ڕاڤەی دەقەکانیشی ئەوە دەسەلمێنێت.

4 **.هێماناسیی زاراوە عیرفانییەکان:**

لێرەدا ئەو وشانەی کە گرنگن و ناوەندی غەزەلەکان پێکدەهێنن، دەخەینە ڕوو و لە ڕوانگەی فەرهەنگی زاراوەناسی و هێماناسی عیرفانییەوە، هێماکردنەوەیان بۆ دەکەین :

**یەك: تێگەیشوو و پێگەیشتوو** دوو زاراوەن مەبەست لێیان "زاهید" و "کامڵ"ە. کە نیشاندەری پلەکانی ناو سۆفیگەریین. زاهید "کەسێکە پشتی لە دنیا و بەهرە و خۆشییەکانی دنیا کردبێت" (سجادی، 1382 ،441). پێگەیشتوو کەسێکە کامڵ بێت واتە: "ئینسانی کامڵیش

ئەوەیە، کە لە شەریعەت و تەریقەت و حەقیقەتدا تەواو بێت، ئەگەر لەم دەربڕینە تێناگەیت، با بە دەربڕینێکی تر بڵێم، ئینسانی کامڵ ئەوەیە، کە لە چوار شت دا پێگەیشتوو و کامڵ بێت: قسەی چاك، کردەی چاك، ئاکاری چاك، مەعاریف".(نسفی، 1401، 77).

**دوو: دەروێش**

وشەی دەروێش بەمانای نەدار و کەسی هەژار دێت، وشەکە لە زمانی ئێرانی کۆن دا بۆ هەژار بەکاردەهات بەرامبەر دەوڵەمەندیش تەوانگەر. لەو ڕووەوەی سالکی ڕێگای خودا دەستی لە ماڵ و سامان شتبوو. لە زاراوەی عیرفانی دا دەروێش کەسێکە دڵی پیرۆزی ئەو شوێنی دابەزینی و هاتنە خوارەوەی نوورەکانی دەرکەوتەی خودایە و لە خۆی فانی بووبێت و بە بەقای حەق، مابێتەوە. لە فەنای خودەوە بۆ بەقای حەق چووبێت. (کەسنەزانی و بەرزنجی، 2023، 496) شێخ ئەبولحەسەنی خەرەقانی لە بارەی دەروێشەوە دەڵێت: دەریایەکە بە سێ سەرچاوەوە: یەکەم دوورەپەرێزی، دووەم سەخاوەت، سێیەم بێنیازبوون لە بەندەکانی خودای باڵادەست. (حقیقت، 1385، 69)

**سێ: دنیای ڕووسپی**

لای عارفان دنیا جێی مانەوە نییە، مایەی دڵپێدان نییە، ئیمامی غەزالی کە سەرامەدی عارفانە دەڵێت: "دنیا سیحری وەکو کەسیکە کە سەرەتا وەکوو دۆستێکی گیانی بە گیانی لێت دێتە پێشەوە و بەڵێنت پێ دەدا کە قەد بەجێت ناهێڵێ و یار و هاودەمت دەمێنێت؛ کەچی لە پڕ دەبینی تۆ بەجێدێڵێت و دەڕواتە ئامێزی دوژمنت، ئەمە وەکو ژنێکی خراپەکارە، کە پیاوان دەخاپێنێ و هۆگری خۆی دەکاتن، پاشان دەیانباتە ماڵ و دەیانکوژێ." (غەزالی، 2021، 54)

**چوار: مەنسوور و مەجنوون**

مەبەست لە مەنسووری حەللاج و قەیسی عامرییە کە ناسراوە بە مەجنوون. دوو ڕەمزی ئەوینن، کاتێك بە یەکەوە ناویان دێت هێمان بۆ عەشقی خودایی و عەشقی زەمینی، بەڵام خودی مەجنوون کە بە تەنها بێت، دەبێتەوە بە ڕەمزی ئەوینی خودایی" کاتێك ناگات بە لەیلا. سۆفییەکان وێنەکەی دەخوازن بۆ باسی پلەی فەننا.

**پێنج: نەدامەت**

نەدامەت مەبەست کە پەشیمانییە و لای عارفان ڕەمزی مەقامی سەرەتایە، کە ناسراوە بە تەوبە. حاجی کاك ئەحمەدی شێخ لە مەکتووبات دا دەڵێت: "ئەی موسوڵمانان، ئەی موریدان چ قادر و چ نەقشبەندییە، بزانین کە یەکەمین مەنزڵ لە مەنزڵەکانی سالیك، یەکەمین مەقام لە مەقامەکانی تالیبی دین و ڕزگاریی؛ تۆبەیە سلووکی موریدان بەبێ تەوبە هەر نابێت" (شێخ، 2008، 270) .

**شەش: مەحموود و ئەیاز**

حیکایەتی سوڵتان مەحموود و ئەیاز -لە ئەدەبی زارەکی دا بە هەیاسی خاس ناوی هاتووە- حیکایەتێکی دڵفڕێن و پڕ پێچوپەنایە. سۆفییەکان زۆر جار لە بارەی جوانپەرستی و ئەوینی خۆیانەوە نموونەی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی و ئەیاز دەهێننەوە، کە ئەوینی ئەیاز بووەتە هۆی کەماڵی مەحموودێکی زاڵم. چیرۆکەکە بە گشتی چوار ڕەوتی جودای هەیە لە ئەدەبیاتی کلاسیك دا:

- ڕەوتێکی مێژوویی: مێژوونووسەکان لەبارەی ڕاستەقینەیی ئەوەوە وەک پاشایەکی زۆردار قسە دەکەن، حەرەمسەرایەکی پڕ لە کەنیزەک و غوڵامی هەیە .
- ڕەوتێکی ئەدەبی و عیرفانی: کە عارفە مەزنەکانی جیهانی ئیسلامی بە شێوەی هۆنراوە وەک سیمبووڵی مەعشوق و عاشقی ئاسمانی ناوی خۆی و ئەیازیان هێناوە، بەوەی ئەمانە یەک کەسن، یا موراد و موریدن، یا مەعشوق و عاشقن و زۆرجاریش دەورەکان دەگۆڕنەوە .
- ڕەوتێکی ئەویندارانەی شیعری ڕۆژهەڵاتی کە خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت.
- ڕەوتی ئەدەبی فۆلکلۆری و حیکایەتی ناو خەڵکان بە شێوەی زارەکی و میللی. (کەسنەزانی، 2019، 354 )

**حەوت: من منی**

لە جیهانی تەسەوف دا، هەر شتە و ئیشارەتە بۆ شتێکی تر، چەمکەکان بە هۆی یەکەوە ڕووندەکرێنەوە، ئیشارە و ڕەمزەکان بەهای گرنگیان هەیە و پێوستیان بە ڕوونکردنەوە هەیە. شێخ جونەیدی بەغدادی لە کردنەوەی هێما و ئاماژەکانی ناو نەریتی سۆفیگەریی دا دەڵێت: منێتی ئیشارەی شەیتانە. (نیشابوری، 1398: 455) هەروەها عارفان وتویانە: حیجاب و پەردەی نێوان بەندە و خودا، ئاسمان و زەمین نییە، عەرش و کورسی نییە، خودبینی و منێتی تۆ حیجابەکەتە، تۆ خۆت لەو نێوانەدا لابە ئیدی گەیشتوویت بە خودا". (نیشابوری، 1398، 907- 115)

**هەشت: کیبر**

یەکێکە لە دەردە کوشندەکان و سیفەتە بەد و خوسپکراوەکان، کە بەشێکی ئاکاریی گرنگە لای عارفان و لە بارەیەوە وتویانە: لە پێغەمبەریان پرسی لووتبەرزیو کیبیر چییە؟ فەرمووی: ئەوەیە کە سەر بۆ ڕاستەقینە نەوی نەکا و بە چاوی سووك سەیری خەڵکی کا. ئەم دوو دانستە پەردەیەکی زۆر گەورەن لە نێوان مرۆڤ و پەروەرێنی دا. کیبیریش سێ جۆرە، فرعەونانە کە خۆی لە خودا بە گەورەتر دادەنێت، کافرانە: کە خۆیان بە پێغەمبەر بە گەورەتر دادەنا، نەفامانە: کە خۆی لە بەندەکانی دیکە بە گەورەتر دابنێ. (غەزالی، 2021، 579)

**نۆ: غائیب** لە ڕووی زاراوەوە، بە مانای نادیاری دێت، بەڵام لە هێماناسی ئەدەبیاتی تەسەوف دا ئەوەیە کە: دەبێت لە خۆت غائیب بیت، ئەوسا بە حزووری حەق دەگەیت. چونکە هەر کەس لە حزووری حەق دا بێت لە خودی خۆی غائیب دەبێت واتە مەقامی نائامادەییە، کە بەرامبەر بە مەقامی حزوور و ئامادەییە، بە ونبوونی خود، حزووری زاتی حەق دێتەجێ. (کەسنەزانی و بەرزنجی، 2023، 770)

**دە: کیمیا**

کیمیا زاراوەیە بەو زانستە وتراوە کە هەر کەس بیزانێت؛ دەتوانێت مس بە زێر بگۆڕێت، وشەکە لە بنەڕەت دا یۆنانییە و هاتۆتە ناو زمانی عەرەبییەوە، هەروەها بە مانای هونەر و لێزانین دێت. لە عیرفاندا بە چەندان مانای جیاواز هاتووە، و هەر کەسە و یەکێك لە سیفاتە پەسەندیدەکان بە کیمیا دەزانێت بەڵام مەحوی ئیخلاس و دڵسۆزی بە کیمیا دەزانێت.

**یازدە: حاجیب**

بە مانای پەردەدار و پێشخزمەتی شا دێت، کە مەحرەمی ڕازە، هەروەها بە مانای بڕۆیش هاتووە. لە فەرهەنگی تەسەوف دا مەبەست لێی نێوانگیر، پەردە، ڕێگرێکە نەیەڵێت سالیك بگات بە مەبەست. هەر شتێك قۆرتم و بەربەست بۆ سالیك دروست بکات لە گەیشتن بە یار دا، بە حاجیب ناودەبرێت. (کەسنەزانی و بەرزنجی، 2023، 390)

**دوازدە: بتکەدە**

بتکدە و بتخانە، مەبەست لێی پەرستگای فرەپەرستانە، کە پەرستشی بتی خوداوەندی دەستکردی تیادەکرێت. درکەیە بۆ جیهانی لاهوت، واتە یەکێتی گشتییە، بە مانای دەرخەری زاتی یەکتایش هاتووە. (سجادی، ، 1382، 185)

**سیازدە: بەحری ئەنەلحەق**

ئاماژەیە بە مەنسووری حەلاج و وتە بە ناوبانگەکەی کە یەکجار وتی: ئەنەلحەق و لە پاداشتیدا درا لە دار. زاراوەیەکە مەحوی بەکاری هێناوە، لە ئاستێکدا مەبەست لە کێشی شیعرە، کە هەموو شیعرەکانی لەسەر کێشی "ئەنەلحەق" هۆنیوەتەوە و لە لایەکی ترەوە مەبەست لە خودی دەریایە، لای حەللاج یەك دڵۆپ بوو، لای مەحوی ئەنەلحەقوتن یەك دەریایە.

**چواردە: دەیر**

لە عیرفاندا مەبەست لێی "جیهانی ئینسانییە" (عراقی، 1353، 62). هەروەها بە مانای تەکیە و خانەقا شوێنی عیبادەت هاتووە و مانای "چوونە خەڵوەیە لەگەڵ یاریشی لێ هەڵدەهێنجرێت. دا. (مصنف، 1378، 22).

**پازدە: مەیکەدە**

مەیکەدە جێیەکە سەرمەستان، تێیدا دەخۆنەوە و دەرگای دڵیان تێیدا واڵا دەکەن. لە عیرفاندا هەنگاونانە بۆ موناجاتکردن و ڕازو نیاز. (عراقی،1353 ، 60)

## بەشی دووەم :ڕاڤەی هێماناسی غەزەلەکان

### غەزەلی یەکەم:

ئەم غەزەلە چەند هێمایەکی عیرفانی تێدایە و لە ناوەندی ئەو هێمایانەوە کۆی غەزەلەکە دەخوێنینەوە و هێما کلیلییەکان دەردێنین و بە پێی فەرهەنگی سۆفیگەریی ڕاڤەی دەکەین:

**ڕاڤەی غەزەلەکە:**

سەرەتای غەزەلەکە، بە وێناکردنی دووکەس دەست پێ دەکات، کە "تێگەیو" و "پێگەیو"ن، کە مەحوی لە سیناریۆکەیدا ناوی لێناون، بەڵام ئایا ئەو ڕۆڵەی ئەو دوانە لە شانۆی دنیادا دەینوێنن چییە؟

تێ گەیو شیوەنییە ئـەمـڕۆ دا سبەی شایی بکا

پێ گەیو دەروێشە، دا سوبحەی شاهەنشایی بکا (مەحوی، 16,1977)

تێگەیو ئەمڕۆ (لەم دنیادا) شیوەن و گریانیەتی، وا دەزانین مەبەست لەو کەسەیە، کە تێگەیوە دنیا سەرابە و مەحوی خۆی بۆچوونەکانی لە غەزەلێکی دیکەدا قایم دەکات کە لەسەرەتادا ئادەمیزاد پێی وایە تێگەیشتووە، بەڵام دوایی کە بە ڕاستەقینە تێدەگات جا دەزانێت دنیا چییە: بەئاوی تێ گەیشتین ئێمە؛ دنیا هەر سەرابێ بووا (مەحوی،١٨٢,١٩٧٧) کەواتە: لە حەقیقەتی ئەوە تێگەیشتووە، ژیانی ڕاستەقینە لەم دنیایە نییە، بۆیە بەهۆی زانینی ئەم حەقیقەتەوە لەلایەکەوە بەهۆی ناشایستەیی خۆیەوە، ترسی مانەوەیەتی لەم پوچگەرا و سەرابەدا لەلایەکی ترەوە، سەری کردووەتە گریان و هیوای وایە سبەی (لەو دنیادا) شایی و خەندە بکات لە بەهەشتی نەبڕاوەدا. لێرەدە ئەگەر بچینەوە سەر فەرهەنگی هێماناسی شیعری تەسەوف، دەبینین هەر دوو وشەی "تێگەیشتن" و "پێگەیشتن" جگە لە مانا فەرهەنگییەکەیان هەڵگری مانای هێمایین. تێگەیشتن ڕەمزە بۆ زنجیرەیەك ڕەوت و ڕەفتار لای سۆفییەکان، کە بریتییە لە مەعریفە و ناسین .

'هەر کەس ویستی خودا بناسێت، کە ئامانجی هەموو سۆفییەکە، دەبێت لە خاڵی بنەڕەت و سەرەتاوە دەست پێبکات، کە ناسینی خوودە، پاشان ئەوەی خۆی ناسی دەبێت پەیامبەرەکەشی بناسێت، بەهۆی ناسینی ئەویشەوە خودا دەناسێت، ئەوەی خۆی و پەیامبەرەکەیی و خودای ناسی، دەزانێت ئەو وەك ڕێبوارێك لەم ژیانەدا چی دەکات و لەوە تێدەگات کە ژیان ڕێگەیەکە بۆ تێپەڕین، نەك ماڵێك بێت بۆ مانەوە، ڕێگەش هی ئەوە نییە دڵی بدەیتێ، بەڵکو هەر جێی دەهێڵێت' ( همدانی، 1398، 38).

کەسێك بگاتە قۆناغی درك و تێگەیشتن، کەسێکە بە "زاهید" ناودەبرێت، چونکە "ئەوە زاهیدە دونیانەویستە لە حەقیقەتی ژیان تێگەیووە، هەر زاهدەکانیشن کە بەگریان لەترسی خواو بۆ بەجێهێڵانی ئەم دنیای پڕ ئازارە ناسراون، بۆیە لەسەرەتای پەیدابوونی سۆفیگەری ئیسلامیدا، کە بە زوهد دەست پێدەکات، چەندین کۆمەڵە بەناوی گریاوەکان (البکائین) پەیدابوون" (شکار، ٢٠١٤، ٥٨).

وشەی "پێگەیو" لە کردنەوەی هێماناسیانەی ئەدەبیاتی تەسەوف دا، کەسێکە کە بە ئینسانی کامڵ ناودێر دەکرێت، ئینسانی کامڵیش دیارە وەلی خودایە، کە پێگەیشتوویەکە هەموو رێگەکانی بڕییوە و سیفاتە بەرجەستەکانی پەیامبەرانی لە خۆیدا نواندووە .

لای مەحوی "پێگەیو" ئەو کەسەیە، کە پاش تێگەیشتنی لە حەقیقەتی دنیا، چەشنی (تێگەیو-زاهد) دەستبەرداری دونیا نابێت بە هیوای ژیانی دواڕۆژ گۆشەناگرێت، بەڵکو ئەم دەیەوێت، هەر لەم دنیادا بگات بە ژیانی ڕۆح و ڕاستەقینە، هەر لەم دنیادا بە هەشتی ڕۆحیی دەستگیر بێت، پێش گەیشتنی بە بەهەشتی ئەو دنیا. ئەمەش جەوهەری سۆفیگەرییە، کە سۆفی و عارفەکان لەیەک هاوکێشەدا، کە ئەویش دەق: (إنا للّه وإنا إليه راجعون)ە، کورتیان کردووەتەوە. مەبەستیشیان لەوەیە، کە بەر لە مردنی مرۆڤ وەک جەستە و گیان و گەڕانەوەی ناچاری - ئیجباری- بۆلای پەروەدەگار، هەر لەم دونیایەدا و بەویستی خۆی و پاش تێگەیشتنی لە حەقیقەتی ژیان و زانینی چارەنووسی مرۆڤ، مردن و زیندووبوونەوەی ڕۆح ئەنجام بدات، بە هەڵبژاردن -ئیختیار-ی خۆی .

هەر وشەی مردنی بژاردەش، هێمایە و لە فەرهەنگی سۆفییانەدا لەگەڵ مردنی سوودا هاتوون، کە بریتییە لە دوژمنایەتیکردنی نەفس و کوشتنی، هەروەها مردنی بژاردە و ئیختیاریش مەبەست لە دابڕکردنی خودە لە داوی دنیایی و هەوا و نەفس، کە ڕێگرە لەبەردەم گەیشتن بە مەعریفەت و چاوکرانەوە دا. سالیك تاوەکو یەك بەیەکی ئەو بەربەست و ڕێگرانە لانەبات و پەردەکانی نێوان خۆی و خۆشەویستەکەی کە خودایە لانەبات، ناگات بە مەرامی دڵی کە پلەی کەماڵە. (کەسنەزانی و بەرزنجی، 2023، 765)

بە پێی عیرفان و لە دیدی مەحویشەوە ئەمە لە ڕێگەی دەرویشی و هەڵبژاردنی تەریقەتەوە دەبێت، بۆیە وەک زاهد تەنها سبەی -لەو دنیا- شایی ناکات، بەڵکو (سوبحەی) کە مانایەکی نزیکتری لە (سبەی) هەیە، کە دەکرێت مانایەکی ئەوەبێت، کە هەر بەزووی و لەم دنیادا (شاهەنشایی)، کە شاهەنشا واتە پادشای پادشایان لای سۆفی و عارفەکان بە مانای خوا دێت، واتە بەهۆی لەگەڵ خودا بوون دا سیفەتی خودایی بوون و بڵندیان دەست دەکەوێت، جگە لەوەی لەو دنیادا بڵندتر و بەرزترن لەئایندارانی تر، لەوانەش زاهیدان.

ئەوەی لێرەدا دەبینرێت، دوو پلەی ناو تەسەوفن، یەکەمیان تێگەیو، کەسێکە کە لە قۆناغی پێش کەماڵ دایە و هێشتا لە مەقامی خەوف و ترس دایە، هەرچی دووەمیانە پێگەیوو، کەسێکە لە قۆناغی کەماڵ دایە، چوار پلە گرنگەکەی عیرفانی بڕیووە .

لێرەشەوە ئەوە دەردەکەوێت هەموو پێگەیوێك تێگەیویشە، بەڵام هەموو تێگەیوێك پێگەیو نییە و نەگەیشتە پلەی کامڵ. ئەوەشی گەیشتۆتە پلەی کەماڵ سیفەت و ئەخلاقی عارفانەی هەیە، جیا لە زاهدانی گۆشەگیرە، ئەمان گەیشتوونەتە پلەی مەعریفەتوڵلا، بەنووری خوا ڕووناک بوونەتەوە و نووری هەرگیز خامۆش نەبوویان هەیە بۆیە دێنەوە نێو خەڵک تا کۆڕی ژیانی مرۆڤایەتی برازێننەوە، وەک چرا ڕووناکی تەمەنی خۆی لە پێناوی نیشاندانی ژیانی ڕاستەقینەدا بەخت بکات:

نوری عومری صەرف ئەکا بۆ کەشفی تاریکی لە خەڵق

وەک چرا هەرکەس بە شۆخیی، مەجلیس ئارایی بکا

دواتر مەحوی بە تێگەیشتنێکی زاهدانەوە هۆشیارمان دەکات لە حەقیقەتی دنیا:

گەر لە دنیا چاکەیێ صادر بوو، تەفرەی پێ نەخۆی

ڕووسپی هەر ڕوڕەشە، گەر بێ صەد ئازایی بکا (مەحوی،١٩٧٧،17)

بەهۆی وشەی "ڕووسپی" و دژیەکیی لەگەڵ "ڕووڕەش" دا وێنەی دنیای کێشاوە، کە هەموو زاهیدێك دەبێت بیناسێت. وشەی "ڕووسپی" ئەگەرچی لە بەرکارهێنانی ڕۆژانەی زمانی کوردی دا بەمانای ئەرێنی و ڕووی نوورانی و جوان و سەربڵندی دێت، بەڵام مانایەکی خشکەیی و تابوویشی هەیە، کە مەبەست لێی "کەسی سۆزانی و داوێنپیسە" {بڕوانە: خاڵ، هەژار}. بە شێوەیەکی هێمایی وێنەی دنیای کێشاوە بە زمانی تۆێکلدار نەك ڕاستەوخۆ. لە ناو شیعری کلاسیکی کوردی و غەزەلی سۆفییانەدا، دنیا و زەمان، دەبێنە پیرەژن یان ئافرەتێکی بەدکاری بەدڕەفتار، هەموو هێزی شەڕانگێزانەی خۆی خستووەتە کار تا ئادەمیزاد فریو بدات. بە هەر یەك لەم وێنانە باسکراون :جادووگەری ئێرانی، یان ژنێکی داوێنپیسە و سکی پڕدەبێت و بۆ سکەکەی بێزوو دەکات بە خوێنی مەردووم، سۆزانی و پیاوکوژە، بوکێکی بێحەیا و دامێنهەڵکراوە، هەر شەوەی سەد شوو دەکات. هەموو ئەمانە دەلالەتن بۆ دنیا و ڕێنموییکەرن تا کەسی کامڵ و دنیادیدە پشت بە دنیا نەبەستێت.(کەسنەزانی، 2019، 114) .

لێرەوە کە ئەهلی خودا، دنیا وەها بناسن، دەزانن دنیا ئەگەر جار جار بە مەیلی ئادەمیزاد بسوڕێتەوە، دەبێت بە پیاوەتی نەزانن، چونکە ئەو سۆزانییە، سۆزانیش هەر چاکەیەك بکات، هەر ڕووڕەشی قاپی خودایە، بۆیە ئەوەشی شوێن سۆزانی بکەوێت، لەگەڵ ئەو حەشر و نەشر دەکرێت.

دواتر مەحوی لەهۆشیاریدان لە دونیاوە دەگوازێتەوە بۆ هۆشیاریدان لە ئایندارانی فریودەر، کە دین بۆ دنیا دەفرۆشن:

بۆ دوکانی موشتەریی گر حەول ئەدا کاڵافرۆش

دینی وا دێنێتە قیمەت، خواجە ئەعضایی بکا

بە تێڕوانینێکی سۆفییانە، مانای کەسانی "تێگەیشتوو و پێگەیشتوو" دەهێنێتەوە، کە ئەگەر یەکێك سەر بەو تیرەوتاقمە بێت، بە نووری خودا ڕووناك بووبێتەوە، گەیشتبێتە مەعرفەتوڵلا، ئەوا جاڕنادات و بازارگەرمیی ناکات، چونکە ناسینی خودا وەك ئەوەیە گەوهەردار بێت، هەرگیز گەوهەرفرۆش هاوار ناکات بۆ پەیداکردنی موشتەریی، بگرە موشتەریی خۆی بەدوایدا دەگەڕێت، لە کاتێکدا کەسانی دینداریی ئاسایی کە بازارگەرمیی بۆ دین دەکەن، وەك دوکاندار بۆ مشتەریی دەگەڕێن، ئەوا لە ڕاستیدا دینەکەیان دەفرۆشن و هیچی تر.

ڕەم دەکا حەتا لە میهرو مەهـ جنون ئادابی عیشق

سێبەری لێ بـارە هەر کـەس مەیـلی تەنـهایی بکا

مەحوی ئایندارى ڕاستەقینە و تێگەیو و عاشقان، وەها پەسن دەدات کە نە لە بازاڕی دینداریداین، نە شەیدای ئەنجوومەن و ئەندامی دەستە و تاقمن، چونکە ئەو کەسەی کە دەروێشی ڕاستی و تێگەیشتوو و پێگەیشتووە، کەسێکە سەر بە شاری ئەوین بێت، لە ئادابی ئەوین تێبگات، نەك تاقەتی ئادەمیزادی نییە، بگرە تاقەتی خۆر و مانگیشی نییە و خۆی لەوانیش دەشارێتەوە، تاقەتی سێبەری خۆیشی نییە، چ جای بازارگەرمیی "ئادابی عەشق، لای مەحوی، سوتانی بێ هەراوهۆریا، تەنهایی هەڵبژاردن مەجنوون ئاسا و ڕووکردنە چۆڵەوانییە" (کەسنەزانی و بەرزنجی، 2023، 94)

لێرەدا مەحوی ئایندارى ڕاستەقینە بەکەسێک دادەنێت، کە عاشق بێت و تەنها خوا ببینێت نەک کار لەسەر جوانکردنی وێنەی خۆی لای خەڵک بکات، بەهۆی خۆ بەئایندار نیشاندانەوە، بەڵکو لە خەڵک هەڵدێت و تەنانەت لە خۆر و مانگ. واتە: لە سرووشتیش کە جێگەی هەڵهاتنی عاشقانی زەمینی یان دێوانەکانە، بەڵکو ئەم لەوەش هەڵدێت بەرەو ئاوەدانی عیشق. هەر لێرەدا وادەزانین (ئاوەدانی عیشق) ڕاسترە لە (ئادابی عیشق) چونکە هەر مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم خۆیان بە پشتبەستن بە چەند نوسخەیەک – لەپەراوێزدا – ئاماژەیان پێکردووە. (بڕوانە: دیوانی مەحوی، ١٨).

هاوکات وادەزانین بەراوردەکەو یەکلایی کردنەوەکە لە نێوان (ئاوەدانی عیشق) و (ئادابی عیشق) دایە، نەک (جونوون ئاداب) و (جنوون ئاباد) – کە ڕاڤەکارانی ناوبراو لەسەری وەستاون – چونکە جەوهەرەکە عیشقە نەک جنوون و شێتی و عاشقانی خوا بۆ ئاوەدانی عیشق هەڵدێن، نەک ئاوەدانی دێوانەیی یان ئادابی دێوانەیی. هەر لێرەشەوە عاشقی خوا بەهۆی هەڵهاتنی بۆلای خوا، سێبەریشی، کەشوێنی پشوودانی ئاسایی مرۆڤە ماندووەکان دەبێت، چونکە ئەو مەیلی تەنهایی دەکات، کە پێمان وایە (تەنهایی) لێرەدا ڕاستیەکەی (تەنهایێ)ە واتە خوا، چونکە عارفان بەرەو تەنها (خوا) دەڕۆن و پرۆسەی - إنا لله وإنا إليه راجعون- کە پێشتر باسمان کرد ئەنجام دەدەن. جگە لەوانەش وا دەزانین بەڵگەیەکی بەهێزی ئەم بۆچوونەمان لەبەیتی دواتردایە، کە مەحوی دەڵێت:

مادەری گێتی لە شیری بریەوە، دەبڕێتەوە

فائیدەی چی شەخصی لێ کەوتو بەدادایی بکا!

مەحوی لێرەدا پێمان دەڵێ، کەکەسێک دوای ئەوەی گەنجی و ڕابواردنی دونیا، کە مەحوی بە شیردانی چواندووەو لەویشەوە ئەوانەی بە مناڵ و سەرقاڵ بەیاری و خۆشییەوە چواندووە، ئەوانە چ سوودێکی هەیە، کە پاش ئەوەی پیربوون و لێکەوتەبوون، ئەوکات بگەڕێنەوە بۆلای خواو بۆ خزمەتکردنی ڕێی حەقیقەت.

هەر لێرەشدا بە پێچەوانەی بۆچوونی مامۆستایان مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، کە وشەی (بەدادایی) یان بە (بەد ئەدایی و بێ ئوسووڵی) لێکداوەتەوە، وادەزانین وشەی (بەدادایی) دەستەواژەیەکی زمانی فارسییە، لەوشەی (بە)، کە بەواتای باش، یان (بە) وەک زمانی کوردی، بۆنیشانەی سەرسووڕمان، بە کار دێت و لێرەدا بەمانای یەکەم (باش) دێت، گەرچی واتای سەرسووڕمانیش دەگرێتەوە و وشەی (دادا) ش بەواتاکانی (خزمەتکاری پیر، باپیرە، یان کەنیزەک، یان کچێک کە خزمەتی منداڵی کەسێک بکات) دێت (معین، ١٤٧٨، ٦٠٨و عمید ١٠٧٢-٤٥٨). کە لێرەدا وا دەزانین مەبەست لە واتای یەکەمە (واتە باش خزمەتکارێکی پیر، یان باش دادەیەک)، گەرچی واتای پیری باپیرەش بەهێز دەکات.

کەواتە مەحوی دەڵێت: با بەویستی خۆمان بۆلای خوا هەڵبێین پێش ئەوەی دنیا خۆی بەبڕینەوەی شیرەکەی، واتە نەمانی خۆشی و گەنجی و دانی باری پیری بەسەرماندا ناچارمان بکات بەرەو خوا بگەڕێینەوە.

دواتر مەحوی، کە پێشتر داوای هەڵهاتن بۆلای خواو بۆ ئاوەدانی عیشقی لێکردین، یادەوەری بەرەو حەللاجی دەبات:

با حەقیشی بێ لە بۆ (مەنصور) ( انا الحق) حەق نیە

شێتییە مەجـــنوون، ئەگـەر بێ نازی لەیلایی بـــکا

لێرەدا مەحوی باسی سۆفیگەری و عیشق و عیرفان بەرەو لای حەللاجی هێنا، بەڵام لەگەڵ بەرزڕاگرتن و قەدردانان بۆ حەللاج بە دەستەواژەی (با حەقیشی بێ) وەک بڵێت با ڕاستیش بکات و ڕاستگۆ بێت لە وتەکەیدا، کە دەڵێت (انا الحق)، بەڵام بە ڕەخنە لە عیرفانەوە، واتە ڕەخنە لە مەنسووری حەلاجی عارف بە خودی عیرفان خۆی – کە ئەمە دروسترین شێوەی ڕەخنەیە – دەگرێت و دەڵێت: وتنی "انا الحق"ی حەلاج حەق و ڕەوا نییە، چونکە شێتییە مەجنوون ئەگەر بێت نازی لەیلایی بفرۆشێت!

لێرەدا مەحوی بەدوو دوالیزمەی بنەڕەتی عیرفان، کە ئەوانیش (ناز) و (نیاز)ن، ڕەخنە لە حەلاج دەگرێت. لە عیرفاندا نیاز خاڵی سەرەتا و بزوێنەری هەمیشەیی سالک و موریدە بەرەو خوا، چونکە مرۆڤ کاتێک ڕوو لە تەریقەت و عیرفان و دنیای ڕۆح دەکات، کە هەست دەکات نیاز واتە پێویستیەک هەیەو خولیای دڵ و دەروونی هەیە، کە لە دنیای مادی دەوروبەریدا دەستی ناکەوێت، بۆیە ڕوو لە ڕۆحی ڕەها (خوا) دەکات و بەڵکو هەست دەکات هەمیشە پێویستی هەیە و هەژارە بە خوا لە هەموو ڕوویەکەوە، هەر لێرەشەوەیە، کە وشەی دەروێش لە بناغەدا بەواتای هەژار بە بەشی خوا دادەکەوێت و ڕازیە (خاڵ، ٢٠٢١، ١٩٨) و بۆیە عارف و سۆفییەکان دەوڵەمەندی ڕاستەقینە لە گەیشتن بە دیداری خوا لەم دنیادا بە عیرفان و لەو دنیاشدا لە بەهەشتی یار دا دەزانن، بۆیە زۆرجار وشەی دەوڵەت، کە مانای دەوڵەمەندی و هەبوونە بۆ گەیشتن بە خوا بەکار دەهێنن.

چەمکی (ناز) یش لە بەرامبەردا لای سۆفییەکان بۆ خودا بەکاردەهێنرێت و پێیان وایە: ئێمەی مرۆڤ هەموومان مادام نیازمان هەیە و نیازەکانیشمان تەنها لای خوا جێبەجێدەکرێت و ئەو هیچ نیازی بە ئێمە نییە، بۆیە ئەو تەنها شایستەی نازکردن و خۆ بەگەورەو دەولەمەندزانە بەسەر ئێمەدا. لێرەدا مەحوی لەم دوو چەمکەوە رەخنە لە حەلاج دەگرێت و هاوکات رەخنەشە لە مەجنوون، کە لەحاڵێکی عاشقاندا کە لێی دەپرسن تۆ کێیت دەڵێت (لەیلا)، و دەڵێت، وەک چۆن کاری مەجنوون هەڵگرتنی نازی لەیلایە – نەک وەک لەیلا ناز بکات – کاری حەڵلاجیش ئەوەیە کە نیازی هەبێ بە خواو نازی خۆشەویستی خوا هەڵبگرێ، نەک ئەویش بیەوێت بێ نیازی نیشان بدات و ناز بکات .

دواتر مەحوی وەک جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی چوون بۆ عیشق بە ئازادانە و پێش پیربوون و ناچاری و وەک بیەوێت قاچی پیر بخاتە سەر رێگای تەریقەت و پلەو مەقامی یەکەم لەتەریقەت دا، کە زۆرینەی سۆفی و عارفەکان بەمەقامی (تەوبە)ی دادەنێن یان لە شیر بڕانەوە وەک مەحوی ناوی لێنا دەڵێت:

زوشت و ناشیرینە پیر، ئەمما چ شیرینە ئەگەر

چاوی خونباری نەدامەت ڕیشی خورمایی بکا

سووتانی عیشق ناتوانێ دەرکی دنیای حەقیقەت - کە زیاتر بۆ دنیای عیرفان، کە لەسەروی تەریقەت، واتە سۆفیگەرییەوە بەکاردێت - بکات. لێرەوە منی شاعیران ڕاستر منی عارفی شاعیر، هەر خۆی وەک ببێتە پیر و ئامۆژگاری مەحوی مورید بکات و ڕێنمایی بکات بۆ وازهێنان لە بینینی حەقیقەت و خوا بە دوو چاوی ئاسایی کورتبینانەی مرۆڤ و بینینی بە چاوێک، کە ئەویش چاوی بینایی (بەسیرەت)ە، کە تەنها بە سۆفیگەری و عیرفان دەکرێتەوە و دەتوانێت ببینێت، ئەویش چاوی دڵە:

دڵ لە ئیدراکی حەقیقەت بێ بەشە، بێ داغی عیشق

(مـــەحـــویا) دانا دەبێ، بەم چـــاوە بیـــنایی بـــکا

کۆتا بەیتی وەك بازنەیەك دەگاتەوە بە خاڵی یەکەم لە نیوەبەیتی یەکەم: دڵ بۆ ئەوەی تێبگات لە حەقیقەت، دەبێت داغی عەشقی هەبێت، عەشقیش کەسێك هەیەتی کە پلەکانی سۆفیگەریی بڕیوە لە پلەی فەناوە، گەیشتووە بە بەقا و رۆشنبۆتەوە بە مەعریفەی خودایی و چاوی دڵی واز بووە و ئەوجا وەك تێیگەیشتوو و پێگەیشتوو تەماشا دەکرێت. دیارە وشەی حەقیقەت وەك ڕەمز و هێمانای ناو ئەدەبیاتی تەسەوف، تەنها بریتییە لە مانا فەرهەنگییەکەی کە ڕاستەقینەیە، بەڵکو "حەقیقەت دوا پلەی پێگەیشتنە لە ناو چوار مەنزڵەکەدا: شەریعەت، تەریقەت، مەعریفەت، حەقیقەت. ئەم پلەیە پلەیەکی بڵندە و پیری تەریقەت و دەستگیری کامڵ دەیگاتێ. ئەگەر سوننەتی پێغەمبەر بریتی بێت لە وتە و کردە و حاڵەکانی، ئەوا وتەکانی شەریعەت و کردەکانی تەریقەت و حاڵەکانی حەقیقەتن. لەم ڕوانگەوە ئەنجامی هەرسێکیان دەبێت بە مەعریفەت. واتە مەعریفەت سێ ڕەهەندی هەن: ڕەهەندێکی وتاری، ڕەهەندێکی کرداری، لەگەڵ ڕەهەندێکی ڕەفتاری". (کەسنەزانی و بەرزنجی، 2023، 253 )

## غەزەلی دووەم :

## هێماکانی ناو غەزەلەکە:

لەم بەشەدا بەهۆی ئەم وشە ڕەمزیانەوە تەنها ڕاڤەکردنی چەند بەیتێک- نەک کۆی دەقەکە-بە پێویست دەزانین، کە بەیتی کلیلین، بۆ بەرهەمهێنانی ڕاڤەیەکی نوێ. لە غەزەلی :

**"ئەو عیشوەبازە دەرحەقی من چارەگرژە باز"**

**بێچارە ماوە بەندە، خوداوەندی چارەساز!** (مەحوی،١٩٧٧،١٣٣)

وا دەزانین لەبەیتی یەکەمەوە دوو وشەی (عیشوەباز) و (چارەگرژ) جێگەی سەرنجدانە. عیشوەباز جگە لە مانای نازکردن و دڵبردن، بەمانای کەسێک دێت کە کارەکانی شاراوە و نارِوونە.(عمید،١٧١٦) واتە یار نازکردنەکەی نادیار و نارِوونە و(چارەگرژ)یش واتە ڕووتاڵ! و ئەمیش لە بەرامبەر یاردا خۆی بە (بەندە)یەکی بێچارە دەبینێ بۆیە هانا بۆ خواوەندی چارەساز دەبات! ئەو یارەش -بەناڕاستەوخۆ -بە پلە بڵند ناودەبات، کە پێشتر دەستی گەیشتووە بە دامێنی ئەوەش بە خۆشییەکی لەبن نەهاتوو ناودەبات و -دووبارە – داوا لە خودا دەکات کە ئەو خۆی بە گەرد و تۆزێک ناودەبات، بگەیێنێتەوە بەو پلە بڵندە. لێرەوە یەکێک لە گرنگترین بەیتە کلیلیەکان، بەیتی سێهەمە، کە دەڵێت:

ئیعجازی عیشقە مەنشەئی هەر موعجیزێکی حوسن

(مەحمود)ە بـەنـدە، بۆیە بـووە پادشـــا (ئـەیاز )

مامۆستایان "مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم" وەها لێکیانداوەتەوە: جوانی بێ بەهۆی هەر کارێکی مۆعجیزە ئاسا، لە خۆیەوە نییە، لەوەوەیە کە جوانی مرۆڤ عاشق دەبێ و عیشقەکەیە ئەوکارە مۆعجیزەئاسا بە عاشقەکە دەکا، وەک چۆن ڕەوشتی مەحموود و جوانی ئەیازی بەندەی سوڵتان مەحموودی غەزنەوی، گەیاندیە پلەی پادشایەتی. هەرچەند مەبەست لە مەحموود لەم بەیتەدا ڕەوشتی پەسەندکراوە، کۆکردنەوەشی لەگەڵ (ئەیاز)دا کە وەزیری سوڵتان مەحموود بووە. (دیوان، ١٣٤)

بەڵام وا دەزانین ئەو لێکدانەوەیە کورتی هێناوە، چونکە سەرەتا مەحوی پەنا بۆ دوالیزمی بەندە و سوڵتان دەبات و واتایەکی هێمایی سۆفیانەی دەداتێ، لە واتای زەمینی و کلتووری دەربدەکات بۆ واتای ئاسمانی و سەروو کولتوور و شوێنکات، و هەروەها دیدێکی قوڵی

فەلسەفەی عیرفان بۆ چەمکی عیشق دەخاتە ڕوو و بە دەرئاسا (موعجیزە) ی ناودەبات و دەڵێت: ئەوە ئیعجازی عیشقە، کە وادەکات ئەیازی بەندە و مرۆڤ؛ سیفەتی سوڵتانی سوڵتان (خوا) وەربگرێت و وەک (سوڵتا ن مەحموود -واتە خوا-) ئەویش ببێتە پادشا. واتە بەهۆی عیشقی خواوە و بەهۆی ئەوەوە بەندە (ئادەمیزاد) سوپاسکراو (مەحموود) دەبێت لەلایەن خواوە.

مەحوی لێرەدا وەک شاعیرانی دیکەی ناو نەریتی سۆفیگەریی - بەتایبەتی شاعیرە عارفە فارسەکان - دوالیزمی "سوڵتان-بەندەی" بەکارهێناوە. بۆ بەڵگەی بۆچوونەکەمان، شاعیر و عارفی فارس شانیعمەتوڵلای وەلی (ولی، ١٣٦٩، ٦٠١)دەڵێت:

گاه محمودم گهی باشم ایاز
گاه نازی من کنم گاهی نیاز

واتە: جارێک مەحموود (سوڵتان و خوایانەم) و جارێک هەیاز و بەردەستی سوڵتان، جارێک نازی وەرگرتنی سیفاتی خوایانە دەکەم و جارێک نیاز و پێویستی بەندایەتیم هەیە.

هەر لێرەدا سەرنجدان لە ناوی (ئەیاز) زەمینەی ڕاڤەکەمان بەهێز دەکات، چونکە ئەگەر (ئەیاز)، وەک هەندێک لە فەرهەنگە فارسیەکان ئاماژەی پێدەکەن، لە وشەی (عیاز)ی عەرەبییەوە هاتبێت و گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت، ئەوا (عیاض) بە مانای (عوض دادن - قەرەبووکردنەوە) دێت (ABADIS.IR) .لە عەرەبیدا واتە قەرەبووی دایەوە و شتێکی لە بەرامبەر شتێکدا پێدا (المعانی، ویب)

لێرەشدا واتاکەی وای لێدێت: چونکە بەندە سوپاسکراو –مەحموود- بوو، بۆیە قەرەبوو (عیاض) کرایەوە و پلەی بەرز و پاشایەتی پێدرا.

ئەمەش لە عیرفاندا سەیر نییە، چونکە عارفەکان - لەوانە مەولانا جەلالەدینی ڕومی - مرۆڤی باوەڕدار بە پادشا ناودەبەن، بەڵام پادشایەک کە خەوتووە و لە خەودا خۆی بە گەدا و دەرۆزەکەر دەبینێت و دەڵێت: ئەی پادشا -مرۆڤ- هەڵستە لە خەو، تۆ پادشایت نەک دەرۆزەکەر!

چو ملک و پادشاهی دیده باشی
پس شاهی گدایی مصلحت نیست! (مولوی، ١٣٨١، غزل :٣٤٣)

مەحوی هەر لەو غەزەلە دا بەیتێکی تر، کە شیاوی تێرامانە و وادەزانین پێویستی بە ڕاڤەیەکی وردترەیە، بەیتی هەشتەمە، کە دەڵێت:

ببیە لە من، درەختی منی لەعنەتە بەری
یەعنی: بکە لە کیبر و ئەنانیەت ئیحتیراز

لە دیوانەکەدا وەها شەرحکراوە: ((ئەوەی خەریکی من-من کردن بێ وهەرخۆی بەشت بزانێ، وەک شەیتان لەعنەتی لێ دەکرێت. ئەمەش ئەوەمان تێدەگەیەنێت، کە پێویستە ئادەمیزاد خۆی لە فیز و خۆبەزلزانین بپارێزێت)).(دیوانی مەحوی، ١٣٥)

سەرەتا وا دەزانین وشەی(ببیە)- کە لە ڕاڤەکەدا باسنەکراوە!- گرنگی خۆی هەیە. چونکە لە کوردیی کۆندا بە مانای (ببیستە) دێت و بۆئامۆژگاری و بابەتی بایەخدار بەکارهاتووە.(کۆچەر،٢٠٢٣) وەک ئەوەی مەحوی بیەوێت شتێکی زۆرگرنگمان پێبڵێت.  بەم جۆرە واتای بەیتەکە وای لێدێت: لە منی وەربگرە و ببیستە: درەختی منیەتی و هەرمنی، بەرەکەی نەفرین و لەعنەتە! واتە خۆت لە خۆبەگەورەزانی و خۆپەرستی بپارێزە!

دەبێت لە ڕاڤەکەدا لەسەر وشەی (درەخت) ڕابمێنین، چونکە ڕاڤەیەکی عیرفانیی قوڵ و نوێ بۆ داستانی دروستکردنی مرۆڤ دەکات و لای ئەو درەختە قەدەغەکراوەکە مادە نییە- گەنم یان سێو یان شتی تر-بەڵکو ئەوەی لە مرۆڤ قەدەغە کرابوو(منیەتی) و (خۆپەرستی) بوو، کە شتێکی مەعنەوییە نەک مادی. مەحویش پێمان دەڵێت: بەرهەمی درەختی خۆپەرستی نەفرەتە و بێبەشییە لە میهرەبانی خودا.

مەحوی لە شیعرێکی تردا(درەخت)دووبارە لەلای بووەتەوە بە هێمای هیوادرێژی و حەزکردنی نەمری مادی. دەڵێت:

پیری نەمامی باغی جوانیمی کردە پووش
تازە درەختی گوڵی ئەمەل دەردەکا چرۆ! (مەحوی،١٩٧٧. ٢٥٤)

بە هەردوو بەکارهێنانەکەی وشەی درەخت _کە تەنها سێ جاران لە دیوانی مەحوی دا بەکارهاتووە- وێنەکەمان بۆدەدرێت لەیەک تێدەگەین، کە مەحوی کێشەی مرۆڤ لە کۆن و نوێدا؛ ئادەم و هەمووانیش لەوەدا دەبینێت، ژیانی مادی وایلێدەکات خۆپەرست بێت و لەو پێناوەدا تەنانەت سەرپێچی خوداش بکات.!

ئەو خۆپەرستی بە تاریکایی(بوون)ی مرۆڤ ناودەبات و ڕووناکیی لە بەجێهێشتنی ئەوەدا دەبینێت و پێمان دەڵێت: تا هەر خۆتت مەبەست بێت لە تاریکستانی خۆپەرستیدا دەمێنی، بەڵام کە دەستت لە خۆت هەڵگرت سێبەر و تاریکی بوونت نامێنێ و خۆری خۆشەویستی خودات لێهەڵدێت(دیوانی مەحوی، ٥):

تا زوڵمەتی وجودە تەریکی لە نووری عیشق
سێبەرنەما، هەتاوە، کە "مەحوی" نەما؛ خودا

ئەگەر بڕوانینە بەیتی چوارەمی غەزەلەکە:

ئەو چاوە چی دەکا کە هەمووە عاشقانی کوشت!
بێ نازە؛ نـــاز ئـەگـەر بـەرودوری نەدا نـیـاز

دەستەواژەی "ئەو چاوە" بە جێناوی نیشانە مایەی سەرنجدانە. دەبێت بزانین (چاو) لای عارفان هێندە سەرەکی و گرنگە، کە مرۆڤ جگە لە چاو-مەبەست دیدو بوون بە چاو بۆ بینینی حەقیقەت- هیچی تر نییە. و ئەگەر (ئەرستۆ) مرۆڤ بە بونەوەری گۆیا و خاوەن ئاوەز(ناطق) بزانێت، عارفان مرۆڤ بە بونەوەری بینا- کە ئامانجی دروستبوونی بزانێت تا بە دیداری خودا دەگات – دەبینن. ( تاجدینی، ١٣٨٨، ٢٦٧)

لێرەدا ئەو چاوە مەبەست ئەو یارە عیشوەبازەیە، کە لەبەیتی یەکەمدا هاتووە، چونکە یەکێک لە مانا بنەڕەتییەکانی عیشوە بە مانای جوڵەی چاو و ئەبرۆیە بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی ئەوانی تر. شاعیر لێرەدا ئەو بە چاو ناودەبات. چاو لە فەرهەنگی عارفاندا وەک هێمایەک بۆ مرۆڤی کامڵ واتە مرۆڤێک کە هێندە گەشەی مەعنەوی دەکات تا دەبێتە ئاوێنەی دەرکەوتنی سیفاتی خودایی (کەسنەزانی، بەرزنجی، ٢٠٢٣، ٣٧٥).

مامۆستایان "مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم" وا ڕاڤەی ئەم بەیتەیان کردووە: ((تا دڵدارەکانی یار دیاربوون، هەموو بەتەمای پێگەیشتنی بوون و ئەویش بە چاو نازی بەسەردا دەکردن. ئێستا کە کوشتونی و کەسیان نەماوە، چاوی بێ کارماوە و نازی بێ ناز کەوتووە)) (دیوان، ١٣٤) ئەگەر بڕوانین ڕاڤەکە وەک ڕستەیەکی هەواڵی دەردەکەوێت، لە کاتێکدا ڕاستیەکەی ئەوەیە ڕستەیەکی ئینشائییە و لێرەدا دڵدارەکە قسە لەگەڵ یاردەکات و ناڕاستەخۆ پێی دەڵێت: ئەو چاوە کە هەموو عاشقەکانی بە ئازار و خەم و پشتگوێخستن بکوژێت، ئێترخۆیشی بێ ناز دەکەوێت، چونکە کەس لەدەوری نامێنێ، کە نیازی پێی هەبێت و نازی هەڵبگرێت!

مەحوی زۆر بە بڵندی – گەرچی لە هەمانکاتدا ئەوپەڕی خاکیبوون و پێویستی دەسەلمێنێت_ بە یار دەڵێت: گەورەیی و نازی تۆ کاتێک جێگە دەگرێت و دەبێت، کە منی بچووک و نیازی من هەبێت.!

ئەم بەیتە، بەیتێکی شەتەحئامێزی "حافزی شیرازی"مان دێنێتەوە یاد (حافظ، ٦٥)، کە بە پێچەوانەی گوتاری ئایینی و خواناسییەوە دەڵێت: ئەوە مرۆڤ و مەخلوقە، کە ماناەدات بە ئەدگار و سیفاتی خودا و خالیق:

جرم وگناه بنده گرش اعتبار نیست

معنی لطف و رحمت آمرزگار چیست؟

واتە: ئەگەر تاوان و گوناهی بەندە و مرۆ، ئیعتیباری نەبێت، ئەوا چلۆن مانای میهرەبانیی و لێبوردەیی خودا دەردەکەوێت!؟

جا لێرەدا مەحویش بیری یاری نازدار دەخاتەوە، کە نازی ئەو بە نیازی ئەمەوە بوونی هەیە! ئەم وتەیە لێرەدا هێندە کاریگەر دەردەکەوێت، کە یار دێتە قسە و لە حاڵی دەپرسێت، لە بەیتی دواتری دا:

پرسی کە: حاڵی چاو و دەرون و دڵت چییە؟

یار لێی دەپرسێت: حاڵی چاوو دەروون و دڵت چییە؟ و ئەویش حاڵی پەشێوی خۆی بۆ دەخاتە ڕوو:

هەر ئەشک و ئاه و داغە لەگەڵ سۆزی جان گوداز

لە پاڵ وشەی فرمێسک و ئاخ دا وشەی (داغ) شایانی تێڕامانە، چونکە لێرەدا (داغ) جگە لە ماناکانی داخ وخەفەت و داغ و گەرمبوون و سووتان، دەکرێت مانای "مۆرکردن" بگەیێنێت. مەبەست لەو (مۆرە)یە لە کۆندا بە ئاسنی گەرمکراو لەسەر پێستی مرۆڤە کۆیلەکان هەڵدەکەنرا، تا بزانرێت کۆیلەیە و هەندێکجار خاوەنەکەشی بناسرێتەوە. (معین، ١٣٨١، ١٤٨٥) لێرەشدا واتاکەی بە هونەری پێچانەوەو کرانەوە (لف و نشر)ی ڕەوانبێژی وایلێدێت: حاڵی چاو هەر ئەشک و ڕۆندکرشتنە، حاڵی دەروون ئاه وداغ و مۆری سوتان و کۆیلایەتی یارە، حاڵی دڵیش لە تاو خەم و ئێشی مۆرەکە، سۆزی جەرگبڕە. بەڵام ئایا ئەم یارە کێیە؟ لە بەیتی دەیەم دا وەک لە بەرخۆیەوە بدوێت، دەڵێت :

با زۆری بێ بە کەم مەگرە ئاهی بێ کەسان

ئەو یارە (زۆرو دەسەڵاتی هەیە) ئەمە واتایەکە کە مامۆستایانی ڕاڤەکەر ئاماژەیان پێکردوە، بەڵام دەکرێ مانایەکی تری( بازۆری بێ) بریتی بێت لە ( با زۆرشتی هەبێ و بێ نیاز و پێویستیش بێ) بگەیێنێت، ئەمەش لەگەڵ مانای بەیتی (٤) دەگونجێ کە باسی (ناز) و (نیاز) ی کرد و پێشترڕاڤەمان کرد و ئەمەش دەمانبات بەرەو وشەی (کوثر) واتە (زۆر) کە لە سورەتی (الکوثر) دا هاتووە، کە دەفەرموێت: انا اعطینک الکوثر(الکوثر: ١) واتە: بێگومان ئێمە بەهرەی زۆرگەورە و بەفەرمان لەم جیهانە و لە دوارۆژدا پێ بەخشیویت.( مەلاساڵح، ٢٠٢١، ٦٠٢) لیرەدا مەحوی وەک لە بەیتی(٤) دا وتی بە یار، کە: کە نازی تۆ بە نیازی منەوە بوونی هەیە! لێرەشدا دەڵێت: ئەگەرچی تۆ بەهرەی زۆرو دەسەڵاتت هەبێت، بەڵام بزانە :

بەم سروە بایە عەرشی خودا دێتە ئیهتیزاز!

واتە: هەناسەی ساردی دەروونی منی مەعشوق بە کەم مەزانە -دژی زۆر_ چونکە عەرشی خودا دێنێتە لەرزە! کەواتە خەریکە پارچەکانی وێنە گشتییەکەی غەزەلەکە دەدرێن لەیەک و وێنە گشتییەکە لێلی لەسەر کەمبدەبێتەوە. ئەو یارە – لە وێنەی بەیتی یەکەمەوە- چاوی عیشوە بازانەیە. عیشوە لە فەرهەنگی عیرفاندا بە نازو ڕاکێشانێکی کەمی خودایی دەگوترێت کە هەندێکجار بۆ سالیک دێتە پێش و هەندێجارنایەت تا سالک لە خۆی بایی نەبێت و نەشکێت. (کەسنەزانی، بەرزنجی ،٢٠٢٣، ٧٣٢) لێرەدا وادەردەکەوێت کە حاڵەتی دووەمە واتە ڕاکێشانەکە و خۆشییەکە نەماوە و گۆڕاوە بە پێچەوانەکەی و ئەمەش ئەو حاڵەیە کە بە دڵگوشین (قەبز) ناودەبرێت. دڵگوشین لە عیرفاندا بریتییە لە پەژارە و خەمێک کە دەکرێت بە چەندین جۆر بۆ سالیک دەرکەوێت، دەکرێت لە تاقیکردنەوەیەکی خوداییدا بێت دەرگاکانی بە ڕوودا داخرابن و هیچ تروسکاییەک بەدی نەکات ، دەکرێت لە برینی مەقامێکدا بێت و لە ژێریدا شەتەک درابێت ، یاخود لەکاتی کۆری زیکروڕابیتە دروستکردندا ئەم دڵگوشینەی بۆ بێت ونەتوانێت پەیوەست ببێتەوە بە جیهانە ڕوحانیەکەوە. (سەرچاوەی پێشوو،

٨٢٨) ئەم دڵگوشینەی بەسەر سالیک(مەحوی) دا هاتووە لێرەدا پێدەچێت یەکێک لەم دوانەی دوایی بێت، واتە یان ئازاری بڕینی مەقامێک یان دابڕینی لە ڕابیتە دروستکردن بێت لەگەڵ یار.!

دواجار تێدەگەین ئەو (چاوە) ی بەیتی -٤- کە ئاماژەمان کرد، کە مرۆڤی کامڵە و ئەو (ئەیاز)ەیە کە شوێنی گۆڕاوە بۆ (مەحموود) ٢– بەیتی ٣ – و هەرئەوچاوەیە - لە بەیتی ١ - ناوچاوی داوە بە یەکدا لەبەرامبەر مەعشوقدا ، کە هێمایە بۆ دڵگوشین(قبض). ئەمەش لە بەیتی کۆتایی - ١١- دا – گەرچی واتاکانی پێشتر هەموو هێماو ناڕاستەوخۆ بوون _ خودی شاعیربە ڕاستەوخۆ دەیڵێت، کە ئەو یارە پێغەمبەر محەمەدە (د.خ):

"مەحوی" نیثاری "ڕەوضە" کە ئەمجارە نەقدی جان

مەرگ ئەر نەبوو بە حاجیز و، هەم چوویەوە حیجاز

## غەزەلی سێیەم :

بە تەماشاکردنی غەزەلەکە، دەبینین لە مانای توێکڵدارەوە پێچراوە، ڕەمزرێژ کراوە. بەیتی یەکەمی:

دەپرسێ :بۆ چی من دەرکەوتم و دڵ بو لە تۆ غایب؟

کە وەختێ ڕۆژ هەڵات، ئەڵبەت دەبێ شەونم لە خۆ غایب (مەحوی،٥٣،١٩٧٧)

بڕینی پلەیەکی بڵندی عیرفانییە لای مەحوی، چونکە تێگەیشتووە لەوەی پاش تێپەڕین لە مەقامی تێگەیشتن، لە جێهێشتنی درەختی بێبەری من منی،دەگەیت بەوەی، چیتر دوو (من )جێگەی نابێتەوە. چونکە مەقامی حزوور و مەقامی غیاب، وادەکات بە پێچەوانەوە کار بکەن، بۆ ئەوەی بچییە حزوور، دەبێت غایب بیت، مەحویش لەو مەقامەدایە، کە پێی دەوترێت لەوێنەبوون، چونکە تێگەیشتووە و پێگەیشتووە، ئەوەتا لە غەزەلێکی دیکەشی دا هەر وەها وێنە دەکێشێت، کە حەزرەتی حەق، ئافتابسا و ڕووناکی ڕەهایە، کە ڕووناکی ڕەها پەخش و عەیان بوو، سایە و سێبەر نامێنێت، دیارە ئادەمیزاد و دنیاش هەمووی سایەن و بوونیان وابەستەی بوونی دونیایەکی ترە –وەك ئەوەی کە ئەفلاتوون لە کتێبی کۆمار دا باسی کرد: -

کە دڵ دەتوێتەوە بــۆ تۆ، دەکەی ئـــەو ڕۆژە تۆ بڕوا

کە خۆ دەرخەی وەکو خۆر دڵ وەکوو شەونم لە خۆ بڕوا (مەحوی،١٩٧٧، ٣٥)

ئەگەرچی وەك باسکرا لە ڕووی زاراوەوە حاجیب لای هەندێك لە عارفان بە مانای بەربەست دێت، بەڵام کاتێك پێکەوە مانای پەردەدار و بڕۆش لەیەك بەیت دا وەردەگرێت ئەوا ماناکەی تری وەردەگرێت کە بەلای ئەبرۆدا دەشکێتەوە کە دەبێتە "سیفاتی حیجابی زات، و لە ناسینی خودادا تا سیفات دەچێت و ناتوانێت زیاتر بڕوات، ئەبرۆ ڕەمزە بۆ سیفات". (کەسنەزانی و بەرزنجی، 2023، 174) دەشبێت بەوەی تاکو سیفات نەناسێت ناتوانێت لەم بازاڕی عیرفانەدا زات بناسێت بۆیە دەڵێت:

چ یارایە، بە بێ ئیمانی ئەبرۆ سـەیری ئـەو چـاوە

حەرامە مەیکەشی لەم مەیکەدە بێ ڕوخصەتی حاجیب

لە بەیتی دواتر دا وشەی کیمیا دێنێت :

دەپرسن: کیمییا؟ خدمەت بە مەرد، ئەمما بە ئیخلاصی

وەگەر نا، کەم لە (بوبەکر)ی نەبوو خدمەت (ئەبو طالیب)

لێرەدا خزمەتی ئیخلاسانەی داناوە بۆ نیشانەی مەردایەتی و جوامێری، کە یەکێکە لە مەقامەکان و سۆفی دەبێت بگاتە پێگەی فتووەت و مێرخاسی، ئەوەش بەهۆی ئیخلاسەوەیە، کەسێك ئیخلاسی هەبێت وابزانێت کیمیای هەیە، دەتوانێت مەعدەنی خۆی لە هەر شتێکی ناچیزەوە بگۆڕێت کە –ئادەمییە- بگۆڕێت بۆ مەعدەنی مەلەکووتی .

عەبدولرەزاق کاشانی جوامێران و لۆمەخوازان، کە لۆمە دێننە سەر خۆیان لەبەر ڕێگە دروستەکەیان، بە ئەمیینەکان ناو دەبات و مەقامیان بە مەقامی جوامێری و فتووەت دادەنێت. (کاشانی، 1999، 56) ئەوجا مەحوی دەڵێت: ئەو کیمیایە تووشی ئەوبوبەکر هات، کە جوامێر بوو، چونکە خۆی خستە مەترسییەوە مارانگەز بوو، لەبەر ئیخلاسی، کیمیای بەختەوەریی پێ بەخشرا.

لە حەقبێژی بووە بەحری "أنا الحق" هەر قەصیدێکم

لە باتی جائیزە، واجب گەرا قەتڵم بکەن واجیب

مەحوی وشەی بەحری ئەنەلحەق هێناوە، وەك پێشتر نیشانمان دا، خۆی سەرزەنشتی حەلاج دەکات، کەچی هەر خۆیشی ڕێچکەگرتووی حەلاجە و بگرە، ڕیتمی شیعرەکانی لەسەر تریەی دڵی حەق و حەق لێیدەدەن و یەك جار وتنی حەلاج هیچ نییەو لە چاو ئەوەی منی شاعیر دا، کە بووە بە بەحر، ئیدی حەقییە بمکوژن و ڕزگارم بێت. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو قسەی حەلاج کە دەپاڕایەوە و دەیوت: خەڵکینە وەرن من بکوژن و ڕزگارم کەن، هەم ئێوە خێرتان دەنووسرێت، هەم منیش دەگەم بە مەرام و دیداری یار. لە دوابەیت دا مەبەست و مەتڵەب و نیەتی خۆی بەیان دەکات :

دڵە عەرشی خودا (مەحوی) خەجاڵەت بە لە بەر غەفڵەت

کە بۆتە بوتکەدەی بێ بەرهەمەن یا دەیری بێ ڕاهیب

دەربڕینی ڕاستەوخۆی "دڵ عەرشی خودایە" هەرە بێ تونێکلترین دەربڕینی مەحوییە، چونکە ئەوە قەولی باوی ناو نەریتی تەسەوفە و دەگەڕێتەوە بۆ فەرمایشتێکی پێغەمبەر (د.خ) هەموو سالیك و ڕێبوار و دەروێشێك دەبێت، دڵی خاوێن بکاتەوە لە هەموو جۆرە بت و فرەپەرستییەك و تەنها دڵ بدات بە خودا. مەحوی دەڵێت: بۆچی دڵت وەك بتکەدەی بێ برەهمەن لێکردووە، دیارە بتخانە یان بتکەدە درکەیە بۆ جیهانی لاهوت، واتە یەکێتی گشتییە، بە مانای دەرخەری زاتی یەکتایش هاتووە، کەوایە بۆچی دڵت کە سەر بە جیهانی لاهووتە، جێتهێشتووە و خودای تێدا نییە؟ یان بۆچی دڵت کردووە بە دەیرێك کە جێی چوونە خەڵوەیە لەگەڵ یار، کەچی یاری تیا نییە؟

لێرەدا مەحوی قسە لەسەر ئەوە دەکات کە بەهۆی غەفڵەتەوە وەهای لێهاتووە، بۆیە سەرزەنشتی خۆی دەکات و لۆمەی خۆی دەکات بەوەی شایستەی خەجاڵەتبارییە، دەبێت تەوبە بکات، دیارە تەوبەی ئەهلی تەسەوف لە گوناح نییە. لە زەننونی میسری دەپرسن تەوبە چییە؟ ئەویش دەفەرموێت: تۆبەی خەڵکان لە گوناهە و تۆبەی چاکان لە غەفڵەت و بێئاگاییە. (القشیری، 1391، 183)

## ئەنجام :

لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتین، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١ -دەقەکانی مەحوی دەق کراوە و قوڵن و دەکرێت بەهۆی ڕاڤەکردنی هێما و زاراوە بنەڕەتییەکان و دواتر دۆزینەوەی بەیتە کلیلیەکان و دانەوەی پارچەکان لە یەکدی گەلێك مەبەست و وێنەی عرفانی پێشکەش دەکەن.

٢ -لە توێژینەوەکەدا دەرکەوت لە هەر سێ غەزەلەکەدا چەندین هێما و زاراوەی عیرفانی بوونیان هەیە، کە لە خۆیاندا دنیابینی و مانای نوێ بۆ بەیتەکان و کۆی دەقەکان زیاد دەکەن و بەهۆی ئەوانەوە ڕاڤەی نوێ بۆ ژمارەیەک لە بەیتەکان – بە نموونە وەک بەیتەکانی ١ و ٥ و ٦ ی دەق یەکەم و بەیتەکانی ١ و ٣ و ٤ و ٨ ی دەق دووەم – دروست بوو، کە دواجار زەمینەسازی بۆ ڕاڤەیەکی نوێ بۆ دوو غەزەلەکەی سەرەتا کرد.

٣ -شاعیر ئەزموونێکی ڕوحی و شیعریی زیندووی تاقیکردووەتەوە و غەزەلەکانی هەردوو ڕەگەزی بنەڕەتیی سۆز و تاکەکەسی بوون – کە پێشتر لە پێناسەی غەزەلدا ئاماژەی پێکرا – تێدایە و هونەریانە لە قاڵبی شیعردا نەمری کردوون.

٤ -توێژینەوەکە لە خۆیدا ئەو ڕاسپاردە هەڵدەگرێت، کە پێویستە توێژەرانی کورد – بەتایبەتی ناوەندە زانکۆیی و ئەکادیمیەکان – زیاتر بگەڕێنەوە بۆ توێژینەوەی ستوونی – دەقە بنەڕەتی و یەکەمەکان – زیاتر لە توێژینەوەی ئاسۆیی – دەقە دووەمی و بیروراکان – چونکە – بە بەراورد بە گەلانی پێشکەوتوو – ئەم بوارەمان هەم هەژارە هەم سەنگینی زانستیی پێویستی بەدەستنەهێناوە.

## پەراوێز:

١ -بۆ بەڵگەی ئەم ڕایەشمان سۆفیەکان لە لێکدانەوەی قوڵ و عارفانەیاندا بۆ ئایەتی (ففروا الی الله انی لکم منه نذیرٌ مبین) (الذاریات، ٥٠)، واتە، بۆ لای خوا هەڵبێن، من -پێغەمبەر- لەوەوە وەک ئاگادارکەرەوەیەکی ئاشکرا بۆ ئەوە هاتووم. ئەمە دەکەنە بەڵگەیەکی بەهێز کە هەر لەم دنیایەدا و بەرۆح لە دنیا و خەڵکەوە بۆ لای خوا هەڵبێن. (شکار، ٢٠١٤، ١٨٧)

٢ -عارفە موسڵمانەکان باوەڕیان وایە لە یەکەم مرۆڤەوە ئادەم تا دواهەمین مرۆڤ، نموونەی باڵای مرۆڤی کامڵ محەمەد (د.خ) ە، چونکە ئەو لە زەویدا محەمەد – داوای ستایش و سوپاسی خودا دەکات – و لە ئاسماندا و لە ئاینە ئاسمانیە پێشووەکاندا ئەحمەد – ستایش و سوپاسی کرد – ە و لە دوارۆژ و جیهانەکەی تردا محمود – ستایشکراو و سوپاسکراو – ە. (بڕوانە: شکار، ٢٠١٤، ١٦٨)

## سەرچاوەکان:


قورئانی پیرۆز

1. حسەین، هەڤاڵ ئەبوبەکر(٢٠٢٢) ئەدەبیاتناسیی کارەکی ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
2. خاڵ، شێخ محەمەد( ٢٠٢١) فەرهەنگی خاڵ، ناوەندی خاڵ، سلێمانی.
3. شکار، سەبور عەبدولکەریم(٢٠١٤) کەسێتی و دنیابینی حەلاج لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و فارسیدا – بە تایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی، چاپی دووەم، ناوەندی غەزەلنووس، سلێمانی.
4. شێخ، کاك ئەحمەد( 2008) مەکتووبات، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دەزگای ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.
5. غەززالی، ئیمام ئەبوحامید محەمەد: 1388، کیمیای بەختەوەری، فەخرەدین ئامێدیان، چاپی یەکەم، ناوەندی شەمیم، سەنەندەج.
6. کەسنەزانی، بوشرا(2019) شیعری کوردی و تابووشکێنی، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم، سلێمانی.
7. کۆچەر، محمد یوسف**www.mer marewan.com:**
8. کەسنەزانی، بوشرا. بەرزنجی، سەباح(٢٠٢٣) فەرهەنگی پیران (سەبارەت بە زاراوەی تەسەوف و عیرفان)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی.
9. مەحوی، مەلا عوسمانی باڵخی( ١٩٧٧) دیوانی مەحوی، ساغکردنەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
10. مەلا ساڵح، محەمەد( ٢٠٢١) پوختەی تەفسیری قورئان، چ١١، ناوەندی تیشک، سلیمانی.
11. موکریانی، عبدالرحمن شرفکندی هەژار( ١٣٦٩ )هەنبانە بۆرینە، فرهنگ فارسی-کردی، ویراستیار: محمدماجد مردوخ روحانی، تهران، انتشارات سروش .
12. اسکندر، نجیب( 1971 )معجم المعانی، مطبعة زمان، بغداد.
13. کاشانی، عبدالرزاق( 1999) معجم اصطلاحات صوفیه، تحقیق: عبد العال شاهین، دار منار .
14. ناصف، امیل( ١٩٩٦ )اروع ما قیل فی الوجدانیات، دارالجیل، بیروت، لبنان.
15. وهبه، مجدی. مهندس، کاکل( 1984 )معجم المصطلحات العربیة، الطبعة الثانیة، مکتبة اللبان، بیروت.
16. **ALMA'ANY.COM**
17. پورنامداریان، تقی( 1346 )رمز و داستان های رمزی در ادب فارسی، نشر علمی و فرهنگی.

18. تاجدینی، علی(۱۳۸۸) فرهنگ نمادها و نشانه‌ها در اندیشهء مولانا، چاپ دوم، انتشارات صدا و سیما، تهران.
19. حافظ، خواجه شمس الدین(۱۳۸۱) دیوان، تحقیق: خطیب رهبر، چ۳۳، انتشارات صفی علیشاه، تهران.
20. حقیقت، عبدالرفیع (1385) نور العلوم{شیخ ابو حسن خرقانی}، انتشارات بهجت، چاپ هشتم، تهران.
21. ذوالقدر، میمنت میرصادق( ۱۳۸۸) واژه‌نامه‌ی هنر شاعری، چاپ چهارم، کتاب مهناز، تهران.
22. سبزیان؛ سعید کزازی و میرجلال الدین( ۱۳۸۸) دانشنامه‌ی نظریه‌های ادبی معاصر، ت. مهران مهاجر و محمد نبوی، چاپ سیزدهم، انتشارات اگاه، تهران.
23. سجادی، سید جعفر( 1382) فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی، چاپ هفتم، انتشارت طهوری، تهران.
24. سیما داد(۱۳۸۷)فرهنگ اصطلاحات ادبی، چاپ چهارم، انتشارات مروارید، تهران.
25. شفیعی کدکنی، محمد رضا( ۱۳۹٦) موسیقی شعر، چاپ هفدهم، نشر اگاه، تهران .
26. شیرازی، روزبهان بقلی( 1387) شرح شطحات، قاسم میر اخوری، چاپ اول، انتشارات شفیعی، تهران.
27. عراقی، فخرالدین ابراهیم( 1353) رساله لمعات و رساله اصطلاحات، چاپ اول، انتشارات خانقاه نعمت الله الهی .
28. عمید، حسن( ۱٤۷۲) فرهنگ عمید، چاپ هشتم، انتشارات امیر کبیر، تهران.
29. القشیری، ابوالقاسم عبدالکریم بن هوازن( 1391) رساله قشیریه، ابوعلی حسن بن احمد عثمانی، انتشارات هرمس، چاپ اول، تهران .
30. کادن، جی. ای( ۱۳۸٦) فرهنگ ادبیات و نقد، ت: کاظم فیروزمند، چاپ دوم، نشر شادگان، تهران.
31. لاهیجی، شمس الدین محمد( 1390) مفاتح الاعجاز فی شرح گلشن راز، رضا برزگر خالقی، انتشارات زوار، چاپ نهم، پاییز تهران .
32. مسجدی، هادی و همکاران( 1400) نگرشی به متن کاوی درپژوهشهای زبانی شماره 6، **www.SID.ir**
33. مصنف، ملا ابوبکر( 1378) سراج الطریق و راهنمای اهل تحقیق، انتشارات کردستان، چاپ اول، سنندج.
34. معین، محمد(۱۳۸۱) فرهنگ معین، چ۱۹، انتشارات امیر کبیر، تهران.
35. مولوی، مولانا جلال الدین(۱۳۸۱) کلیات شمس تبریزی، تحقیق: بدیع الزمان فروزانفر، چاپ هفدهم، انتشارات امیر کبیر، تهران.
36. نسفی، عزیزالدین( 1401) مجموعه رسائل مشهور به کتاب الانسان الکامل، هانری کربن، ضیاءالدین دهشیری، چاپ هفدهم، اتشارات طهوری، تهران.
37. نیشابوری، فریدالدین عطار( 1398) تذکرة الأولیا، شفیعی کدکنی، چاپ اول، نشر سخن، تهران.
38. همدانی، عین القضاة(1398) تمهیدات، تحشیه و تعلیق: عفیف عسیران، نشر مولی، تهران .
39. ولی، شاه نعمت الله(۱۳٦۹) کلیات اشعار، تحقیق:جواد نوربخش، چ۷، ناشر خانقاه نعمت اللهی، تهران.
40. Wehmeier Sally,Ashby Michael,2004:Oxford dictionary, Sixth edition,Printed in China

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2026.02-01-06

# A Symbolic Analysis of Three Lyrical Poems by Mahwi

**bushra qadr kasnazani[1], sabusr abdulkarim shkar[2], Harem Osman maeruf[3]**

1- Persian Department, College Of Language , University of sulaimania ,Kurdistan Region – Iraq
2- Kurdish Department, College Of Language , University of sulaimania ,Kurdistan Region – Iraq
3- cinema Department, College Of fine arts , University of sulaimania ,Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **2025-08-26** |
| Accepted | **2026-01-04** |
| Published: | **2026-01-10** |

**Keywords**

**nalysis,symbol,Sufism,mysticism, Mahwi**

**Corresponding Authors**

sabur.hamakareem@univsul.edu.iq
bushra.kaka@univsul.edu.iq
harem.maruf@univsul.edu.iq

## Abstract:

This study titled as "A Symbolic Analysis of Three Lyrical Poems by Mahwi," is conducted through the lens of textual analysis and the decoding of mystical symbols and imagery.

In each poem, certain key words are bearers and vessels of cultural, metaphorical, and symbolic meaning. Earlier interpretations by scholars have mostly focused on surface level semantics such as unfamiliar vocabulary, literary style, and linguistic features, they have often overlooked the deeper mystical dimensions woven into the text.

Mystical texts demand more than surface reading, they invite interpretation through the cultural glossary of Sufism, where words are rich with metaphor, imagery, and multiple layers of meaning. It is only through this deeper engagement that their concealed spiritual messages begin to reveal themselves.

Mahwi is one of the prominent poets of Sufi lyrical poems, known for his intricate language, complex thought, poetic artistry, and skillful use of diction.

His poetry represents a form of literary creation that, without interpreting its symbolic references and allusions to the tradition of Sufi literature, would remain obscure and incompletely understood.

As his symbols and metaphors are explored and interpreted, deeper meanings and spiritual insights gradually unfold for the reader.

This research is divided into two main parts. The first is theoretical, introducing central terms from the ghazals and interpreting them through the scope of Sufi cultural references. The second is practical, offering a close textual analysis of the poems. The study also includes the findings, a list of sources, and a summary available in English.